# له پەراوێزی جنێو فرۆشیەکەی حەمەسەعید حەسەنەوە

# " ئەوانەی لەسەر ڕێبازی بەعسی فاشستن "

کاوە حەمەدامین/سلێمانی

٢٠٠٤/٣/١٧

بەعسی فاشست ٣٥ ساڵە و بە ئاگر و ئاسن خەڵکی کوردستانی راگوێز و خاك و نیشتمانەکەی تەعریب دەکرد ، بە گشت توانایەوە هەوڵی ناو زڕاندنی کورد و شێواندنی مێژووی کورد و قوڵکردنەوەی قین و ئاژاوەی خێڵ و هۆز و بەشەکانی میللەتی کوردی دەدا ، خەڵکی دەکردە سیخوڕ و جەیشی شەعبی و ((ئەمن)) و موخابەرات تاکو کەسایەتی مرۆڤی کورد بشکێنن و سەری پێ دابنەوێنن ، هیچ نەما نەیگرێتەبەر بۆ دوژمنایەتی کردنی نیشتمانپەروەرانی کورد.

کەچی سەیرە لە رۆژانێکی وەك ئەمڕۆدا کە بەعس گۆڕبەگۆڕکرا کوردیش خۆری گەیشتنی بە مافەڕەواکانی لەگەشیدایە... کەسانێك مابن وەك بەعس و لەسەر ڕێبازی بەعس دوژمنایەتی نیشتمانپەروەرانی کوردی بکەن بیانەوێت ئەوە تەواوبکەن کە بەعس نەیتوانی بیکات ؟!.

ئەوتا حەمەسەعید حەسەن کە ئێستا لە سویدە و یەك قەترە ئەرەقی ماندووبوونی بۆ کورد نەڕشتووە وەك بلێیت هیچ کاری نەبێت و چاوی بە کوردستاندا هەڵنەیەت و هەر خەریکی شێواندنی ناوبانگی خەڵك و کەسایەتیەکانە و تەنانەت رابەر و سەرکردەکانیش لێ بێبەش نەبوون ، بێ پەروا بێ ئەوەی هیچ بنچینە و بنەمایەکی هەبێت هەرجارەی دوژمنانە پەلاماری ئەم سیاسی یاخود ئەو شاعیر و نووسەر ئەدات ، بە جۆرێك لە کوردستاندا و لە ناو جەماوەردا وا باوە و دەڵێن : (( وازی لێ بێنن و وەڵامی مەدەنەوە با لە قینی کوردپەروەران ناخی خۆی بجوات)).

من وەك رووناکبیرێك و چاودێرێك دەپرسم .ئایا ئەو شێواز و رەفتارانە دروست لە شێواز و رەفتاری بەعس ناچن؟ ئایا حەمەسەعید حەسەن نەبۆتە منبەرێکی ناڕەوا بۆ جنێو ریزکردن بە خەڵکی کورد ، خۆزگە ئیتر... کوردستان نێت..ی ئازیز ئەو سیما جوانەی کە بە ئاڵای کوردستان رازاندویێتیەوە بە نووسینەکانی حەمەسەعید نەی شێوێنێت...کە بەوەش خزمەتی ئەو نووسەرە بەد بەختەدەکات.